

ئالان رۆب گرێ:

# حەقیقەتێک بۆ دەق نییە و دەق سروشتی داهێنانی هەیە و هەر خوێنەرێک کۆپییەکی تایبەت بەخۆی دەخوڵقێنێ

دیداری: بێرنارد کۆمنت
و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە

* تۆ یەکێکیت لە گەورە نووسەرانی نیوەی دووهەمی سەدەی بیست و سەرەتاکانی سەدەی بیستویەکی فرەنسا، هاوکات کەسێتییەکی ئەدەبی و بڵاوکەرەوەیەکی دیاریت و وەک "پاپای رۆمانی نوێ" ئاماژەت بۆ دەکرێت، وردتر بڵێین بەشێک بوویت لە کۆمەڵێکی گەورە و سەرچڵییەکی مەزنی ئەدەبیی مێژووی ئەدەبی فرەنسایی لە نیوەی سەدەی بیستەمدا، ئەمە...

– هەر بەشێک نا، بەڵکو رێکخەری ئەو ئەدەبە بووم.

* ئێمە وەک خوێنەرێکی گەورەش دەتناسین کە خەمێکی ئەدەبیت لە ناخدایە.ئەم بیرۆکەی ئەدەبە لای تۆ لە کوێوە سەری هەڵدا، لە کاتێکدا پێکهاتەی قووڵی تۆ پێکهاتەیەکی زانستییە؟

– وەڵامی ئەمجۆرە پرسیارانە زەحمەتە،چونکە ئێمە نازانین شتەکان لە کوێوە پەیدا دەبن و سەرهەڵدەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا بایەخ بە شتێک دەدەم، من هەمیشە بایەخ بە تیۆری پەیوەست بەو شتە دەدەم. ئەگەر ئیشم لەسەر رووەک کرد راستەوخۆ بایەخ بە رووەکناسی

دەدەم، گەر ئیش لەسەر ئەدەبیش بکەم، ئەمە وا دەکات بایەخ بە مێژووی ئەدەب بدەم و لەوێیشەوە بە تیۆرە ئەدەبییە جۆراوجۆرە دیارەکان لەو مێژووەدا. تیۆرگەلێک کە من وەک راستیگەلێک مامەڵەیان لە تەکدا ناکەم بەقەدەر ئەوەی وەک گریمانەگەلێک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەم کە بەشێکن لە بنیاتی ئەدەبەکە. ئیدی وردە وردە بایەخی هێنانی رەگەزی تیۆریم بۆ ئەدەب لا دروست بوو. وازم لە پیشەیەک هێنا کە چێژی دەدامێ، بایۆلۆجی. هەر ئەوکاتە چەند توێژینەوەیەکم ئەنجام دا لە بارەی نەخۆشیی داری مۆزەوە، دواتر هەموو ئەوانەم واز لێ هێنا بۆ ئەوەی چەند کتێبێک بنووسم، کتێبێلێک نەمدەزانی بە کوێ دەگەن، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە شتم خوێندەوە کە ئاراستەیان نەکردم، بەڵام هانیان دام بۆ نووسین. ئەگەر ئەدەب تیۆرێکی هەبێت، هۆکەی ئەوەیە نووسەران بە شۆڕبوونەوە لە شتێکی پێش خۆیانەوە نووسیویانە، واتە بە داهێنانی جیهانێکی ئەندێشەکراوی کەسانی تر لەو رۆماننووسانەی پێش ئەوان ئەو جیهانەیان ئەفراندووە. بەلای منەوە، ئەو رۆماننووسانە کافکا و فلۆبێر، فۆکنر و بۆرخیسن، رەنگە بتوانم کۆمەڵێک سەرانی روحیش ناوبەرم کە هانیان داوم بۆ نووسین، واتە وازهێنانم لە پیشەکەی پێشووم. کەواتە لە شەو و رۆژێکدا وازم لە هەموو شتێک هێنا تا خۆم تەرخان بکەم بۆ ئەوەی بۆرخیس ناوی "خواستی ئیشکالیی ئەدەبی" لێ ناوە و پێ دەچوو لەگەڵ ئەو مۆدێل و نموونانەدا نەگونجێت کە بڵاوکەرەوەکان بە باشیان دەزانی، لەبەرئەوەی کتێبە بەراییەکانم بە بیانووی هاوشێوە نەبوون لەگەڵ باری ئەگەلر لێ کراودا نەدەگونجا. کاتێکیش خانەی بڵاوکردنەوەی "منوی" دواجار بڕیاری بڵاوکردنەوەی دوو رۆمانیان دام و داواشیان لێ کردم وەک خوێنەر یان بە کردەیی وەک راوێژکاری ئەدەبی بۆ "جیرۆم لندون" ئیشیان لەگەڵ بکەم، واتە لە ساڵی ١٩٥٥دا، ئەوکات منیش بیرم لە هێنانی هەندێک لەو نووسەرانە کردەوە کە هەمان جۆر رەخنەی هاوشێوەی ئەوەی منیان ئاراستە کرابوو، ئەو رەخنانەش بە شێوەیەکی گشتی ئەوەبوو کە وەک بەلزاک نانووسن، ئەوەش رەخنەیەکی نامۆ و سەیر بوو لە دیدی کەسێکی زانستییەوە، چونکە ئەم کەسە دەزانێت دەبێ هەمیشە لە زانستدا داهێنان بکرێت. بە لایەنی منیشەوە، کە رۆماننووس بۆ ئەم ئامانجە لە ئارادایە، پرسەکە ئەفراندنی کەینوونە و زانستە بە جۆرێک لە جۆرەکان بە چاوپۆشی لە بارودۆخ.

دوابەدوای دەرچوونی کتێبە بەراییەکانم لەلایەن خانەی بڵاوکردنەوەی "منوی"وە

رووبەرووی قسەوقسەڵۆكی زۆر هاتمەوە، سەرەتا لەلایەن ڕەخنەی پەیوەست بە دەسەڵاتەوە بێدەنگییەكی باڵادەستیم دەرهەق نوێنرا، بەڵام دوای ڕۆمانی "ڕووباز-البصاص" دەریایەك ڕق و كینەم بەسەردا بارێنرا. ئەو قسە و قسەڵۆكانە بوون وایانكرد ببمە تیۆرسینی خۆم، نەك بۆ ئەو ئیشانەی حەزم دەكرد بیانكەم، بەڵكو دانانی مێژوویەك بۆ ئەدەب ڕەنگە بەوردی ئەو كارە بووبێت كە دەیگەیاندمە ئەوەی خۆم دەمویست بینووسم، تا ڕوونی بكەمەوە ئەمە لە هەسارەیەكی ترەوە نەهاتووە و بێ ڕابردووش نییە، بەڵكو بە پێچەوانەوە هەموو ڕابردووی ئەدەبە كە بۆ خۆی بووە هۆی هاتنە ئارای ئەوەی ناوی "ونبوونە نەزانراوەكانی" لێ نرا. بۆ نموونە، كاتێ یەكێك لەو ڕەخنەگرانەی دەسەڵات لە خاڵێكی دیاریكراودا موجامەلەی كردم و ئەوەی دركاند لە نووسینەكانمدا شتێكی بەدی كردووە كە جێی قبوڵكردنە، من تەواو ئەو شتەی ئەوم لە نووسینەكانمدا بە دڵ نەبووە و وەك شتێكی پووچ مامەڵەم لەتەكدا كردووە. لە ئیشكردنمدا لە سینەماو فیلمسازیشیدا هەمان شت هەبوو و ئەوەیش مایە بە پێكەنین بوو! ئەمە بۆ من جێی هاندان بوو، چونكە ڕەخنەگران خاوەنی ڕابردوویەك بوون و ئێمەیش دەزانین حەزیان لە چییە، بۆیە مرۆڤ هەستی بە قەڵسبوون دەكرد كە ئەوان وەسفی ئەو شتەیان دەكرد. بەڵام لەم خاڵەدا، نەخێر قەڵس نەبووم، بە پێچەوانەوە، كاتێك ڕەخنەگران وەسفی ئەو شوێنەی فیلم یان نووسینەكانمیان دەكرد، دەمزانی لەوێدا لاوازم یان بێكەڵك بووم.

* كە لە بواری زانستەوە چوویتە بواری نووسین، خوێندنەوەت زیاتر كرد یان پرسەكە

**ئەگەر ئەدەب تیۆرێكی هەبێت، هۆكەی ئەوەیە نووسەران بە شۆڕبوونەوە لە شتێكی پێش خۆیانەوە نووسیویانە**

**ئەوانەی جێی بایەخم بوون نووسەرانێك بوون دەیانخوێندەوە، كافكا، فۆلكنر، فلۆبێر**

لای تۆ جیاواز بوو و هەر لە سەرەتاوە بنەمایەکت هەبوو بۆ سەرچاوەکانت؟

– رەنگە بنەماکە بنیاتنراو بوویێت، بەڵام بەردەوام بووم لە پەیبردنم بە ئەدەب، بە تایبەتی کە زۆرم نەخوێندبووەوە و هێشتا نووسەری زۆر ماوە کە بیانخوێنمەوە، بەو جۆرەش بەردەوام بووم لە خوێندنەوەی هەر شتێکی نوێ.بەر لە هەر شتێک زۆر بە پەرۆشی و بە خێرایی دەستنووسەکانی خانەی "منوی"م دەخوێندەوە هەر لە ساڵی ١٩٥٥ وە، زۆرجار وازم لە هەندێک لەو دەسنووسانە دەهێنا کە لە شێوە تەقلیدییەکەیدا نووسرابوون و هیچیان بۆ من تێدا نەبوو، بەڵام هەر ئەوەندەی لە یەکێکیاندا شتێکم پەی پێ دەبرد کە سەرنجی رابکێشابام ئیدی بە پەرۆشەوە هەموویم دەخوێندەوە. بەوجۆرەیش خوێندنەوەم دوو هێندە کرد لە کتێب و دەسنووسەکان. بەلایەنی ئەدەبیشەوە کە ئەو دەمە لە پێکهاتندا بوو، لێرەو لەوێ کتێبم دەخوێندەوە و هەر ئەوەش وای کرد خەڵاتێکی ئەدەبی بە ناوی (Medicis) وە دابهێنین کە بووە گەورەترین خەڵاتی ئەدەبیی ساڵ، بۆیە چالاکیی خوێندنەوەم سێ هێندە زیادی کرد.

* لەگەڵ ئەم دیدە فراوانەدا بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان، ئاخۆ ئەمڕۆ ئاراستەگەلێکی ئەدەبی دەبینیت کە لە ئاسۆدا خۆی خەملاندبێت، یان بە پێچەوانەوە و نەبوونی ئەو ئاراستانە و توانای ئەدەبی لە ئەفراندنی دیدێکدا بۆ جیهان؟

– دەزانیت رۆژ لە دوای رۆژ حوکمدان بە سەر ئەم مەسەلەیەدا دژوارتر دەبێت. رەنگە پێکهاتنی ئەدەبێکی نوێ لەرێگەیا بێت کە من هێشتا دەرکم پێ نەکردووە....

* نیگەران نیت لە نەبوون و نائامادەیی ئەمجۆرە کۆمەڵە ئەدەبییانە؟

– لە خواستی نووسەران بۆ گۆشەگیری نیگەرانم. وا تێ دەگەم ئەوان خۆیان حەزیان لەو گۆشەگیرییەیە و هەریەکەیان خۆی بە تاکە نووسەر دەزانێت لە جیهاندا. بۆیە نەک لە رەتکردنەوەیان بۆ ئینتیما بۆ کۆمەڵەیەک تێ ناگەم، بەڵکو لەوەش تێ ناگەم کە نووسەر هەن هەرگیز ناخوێننەوە، ئەوان لە دەرەوەی ئیشەکانی خۆیان بایەخ بە ئەدەب نادەن. هەندێک لەو لاوانەی لە خانەی بڵاوکردنەوەی "منوی" دەهاتنە لام کاتێک لە بارەی خوێندنەوەوە پرسیارم لێ دەکردن یەکێکیان وتی:" نەخێر، هەرگیز ناخوێنمەوە چونکە دەترسم بەهرەکەم بکوژێت، من نووسینی کەسی تر ناخوێنمەوە" ، من ئەوحاڵەتە بە هەڵەیەکی

کوشنده دەزانم. چونکە پێموایە ئەدەب، بە چاوپۆشی لە گۆشەگیرییەکەی و هاوکات گۆشەگیرکردنی نووسەریش، ئەدەبە لە "هەڵوێستا" وەک سارتەر دەڵێت، ئەمەیش واتە لە ساتەوەختێکدا، لە وڵاتێکدا، لە بارێکی رۆشنبیریدا شتێک لە رووداندایە و هیچ زیانێکی نابێت مرۆڤ لەو رووداوە بەئاگا بێت. هەرچۆنێک بێت ئەم بەئاگابوونە زیانی زیاتری لە خواستی نووسەر نابێت لە نووسین دژی تەوژمی باو، یان هاوشێوە دەبێت لەگەڵ تەوژمی پرفرۆشترین کتێبە پێشوەخت فابریکە کراوەکان. ریشاڵەکانی کتێب بە ئەدەبەوە زۆر و فرەن و بە ئاسانی پۆلین و وردەکار ناکرێن. ئەوانەی جێی بایەخم بوون نووسەرانێک بوون دەیانخوێندەوە، کافکا، فۆلکنر، فلۆبێر دەیانخوێندەوە....

*بیرۆکەی پێشەنگی لای تۆ بایەخێکی هەبووە، یان پێتوایە بیرۆکەی پێشەنگبوون بۆ خۆی وردە وردە نەما و بەسەرچوو؟

– رۆژێک لە رۆژان ئەم وشەیەم بەکار نەهێناوە و بەردەوامیشم لە بەکارنەهێنانی، مانای وشەکە جۆرێک لە گەورەیی و دەسەڵاتداری دەگەیەنێ کە سوپایەکی گەورەی بەدواوە بێت. لای من هەرگیز ئەمە نایخوات. دەتوانم بڵێم رەوتی ژیانی هەر نووسەرێک بۆخۆی کێشەیەکە، مۆریس بلانشۆ دەڵێت هەموو نووسەرێک بە ئاراستەی گەیشتن بە بێدەنگیی خۆیدا دەڕوات، بێگومان ئێمە ئەوەمان نەدەزانی داخۆ جویس دوای نووسینی "فنکانس ویک" چیی دەنووسی کە ئێستا من و ئێوەش لە خوێندنەوەیدا زەحمەت دەکێشین. رەوتی شۆکدەری جویس لەگەڵ "خەڵکی دبلن" وە تا "فنکانس ویک" و "یولیسیس" دەستی پێ کرد کە من ئەمەی دوایی بە شاکاری ئەو دادەنێم، ئەم رەوتە کورتەی کە لەوەدابوو بگاتە کێشە، واتە پێشەنگی نەبووە بۆ هیچ شتێک، بەڵکو هەوڵێک بوو بۆ گەیشتن بە جیهانێکی نوێی ئەدەبی و دواجاریش جیهانێکی نوێی بەرجەستە وهاوکات تەواوکردن و بە کۆتا گەیاندنی خودی هەوڵەکە.

*چالاکییەکی ترت وانە وتنەوە بووە لە زانکۆ، واتە خواستت لە گەیاندنی دیدی ئەدەبیت و خودی خۆیشت وەک نووسەرێک بە وانی تر.

– چارەکە سەدەیەک لە زانکۆیەکی تایبەتی لە ئەمریکا وانەم وتووەتەوە، بەڵام بۆ ئەو خوێندکارانە بوو کە بروانامەی دبلۆمیان هەبوو، واتە بە باشی ئاگەداری ئەدەب بوون و هەندێکیان بە مامۆستای لاو دادەنران. هەر پۆلێک لە دوانزە قوتابی زیاتر نەدەبوو و

وانەکانیش وەک بازنەیەکی قسەکردنی لێ دەهات لەسەر ئەدەب لە گازینۆیەکدا. من قسەم بۆ کەسانێک دەکرد کە ئەوانیش قسەی خۆیان هەبوو و ئەو وانانە بە وانەی بە دیالۆگ دادەنران. بەڵام زۆر لەو وتارانەم باشترو چێژبەخشتر بوون کە لە گۆڤارەکانی "ئێکسپرێس، ئۆبزێرڤر" لەساڵی ١٩٥٥وە دەستیان پێ کرد و بە کۆمەڵێک دەقی هێرشکاری و پڕ متمانە بە خود و تەنانەت تیرۆریستانە دادەنران، بەڵێ دەتوانین وا بڵێین. پێموایە خوێندنەوە فرە رواڵەتە، واتە خوێندنەوەیەکی زۆرباش بۆ کتێبێکی دیاریکراو لە ئارادا نییە، بەڵکو هەرکەسەو خوێندنەوەی خۆی هەیە. ئەوەی هەیە ئەوەیە کە زۆرێک لە ئارەزوومەندانی خوێندنەوەی ئەدەب بۆ خۆشی ئەو کتێبە دەخوێننەوە و داوا دەکەن نووسینەکە زوو هەزم بکرێت و بخرێتە چوارچێوەی نموونەگیرییەوە. چونکە ئەوان نازانن خوێندنەوە ئیشەو کاری ئەدەبییش هەمیشە شتگەلێکی بێزارکەر لەخۆ دەگرێت، بۆیە هەرکات لە خوێندنەوەدا زەحمەتێکیان تووش هات کتێبەکە تووڕدەدەنە لاوە و ئامێزیش بۆ نووسەرەکەی ناکەنەوە. بۆ ئەوەی خوێنەر بچێتە ناخ و ناوەڕۆکی کتێبەوە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خوێندوویەتییەوە و بکەوێتە بیرکردنەوە، هەر ئەمەیشە جۆرێک لە ئیشکردن دەخوڵقێنێت. باسکردنم لە مێژووی ئەدەب لەمیانەی ئەمجۆرە دیدارانەوە بۆ خۆی سەرچڵییە، بەڵام سەرچڵییەکی تایبەتی خۆم. من لەوە زیاتر شتێکی ترم پێ ناکرێت، واتە حەقیقەتێک نییە بۆ دەق و هەر خوێنەرە و کۆپیی خۆی دەخوڵقێنێت بۆ "مەدام بۆڤاری" و ئەم دەقەی گۆستاف فلۆبێریش هیچ خەسڵەتێکی راستەقینەی نییە بەڵکە سروشتێکی داهێنانی هەیە. من هەمیشە خۆم لە دەستەواژەی"حەقیقەت" بەدوور دەگرم چونکە چەمکێکە بۆ سەرکوتکردن بەکاردەهێنرێت، کاتێک پیاوێکی ئاینی یان کەسێک لە حزبێکی تۆتالیتاریدا، فاشیست بێت یان کۆمۆنیزم، بە ناوی حەقیقەتەوە قسەت بۆ دەکات، ئەوە تەواو تەحەمول ناکرێت، چونکە ئەگەر شتێکی حەقیقی هەبێت، تا ئەبەد دەبێ بەوجۆرە بمێنێتەوە. بێگومان بایەخ بە شتی لەو جۆرە نادەم، چونکە ئەسڵەن بەو شێوەیە ناژیم، هەمووشتێکی دەوروبەرم و خودی خۆم و جیهانیش لە جووڵەداین، هەموو شتێ لە گۆڕاندایە، ئیتر چۆن لەو سەروبەندەدا ئەدەبێک تا بێکۆتا حەقیقی بێت؟ ئەمە تەواو مەحاڵ دەبێت، من دووپاتی دەکەمەوە کە ئەم چەمکە تەنیا بۆ سەرکوتکردن بە کار دەهێنرێت: سەرکوتکردنی ئاینی و حزبی تاکڕەو و.....هتد. پێموایە چەمکی ئازادی و حەقیقەت لە

دژی یەکن، واتە ئەم حەقیقەتە رەقیبی ئازادییەکەتە، چونکە ئازاد نابیت گەر هەڵگری حەقیقەتێکی ئەگەرلێکراو بیت کە خۆت لەوێدا لەیەک کاتدا خوڵقێنەر وتێکدەریش بیت، بۆیە بەردەوام بیرۆکەی حەقیقەتم لەخۆم بەدوور گرتووە، ئەمەیش لای هەندێک لە قوتابییە ئاساییەکانم جۆرێک لە تێنەگەیشتنی دروست دەکرد. لە ئەمریکا قوتابی پارەیەکی زۆر دەدات بۆ خوێندن، کەچی مامۆستایەک دێت و پێی دەڵێت لە ئەدەبدا شتێک نییە پێی بڵێن حەقیقەت، ئەوکات رەنگە لە خۆی بپرسێت ئەگەر شتێک نەبێت بە ناوی حەقیقەتەوە ئیتر ئەو هەموو پارەیەی بۆچی داوە. ئایا لێرەدا مرۆڤ بۆی هەیە هەر شتێکی هەڕەمەکی بڵێت؟ نەخێر، چونکە دۆزەکە لەوە ئاڵۆزترە قوتابی وێنای دەکات، فرە حەقیقەت لە ئارادایە، ئەمەیش واتە تاک حەقیقەت هەرگیز بوونی نییە. حەقیقەتگەلی گچکە و لاواز و بەجووڵە هەن کە هەرچی زووترە تێکدەشکێنرێن و حەقیقەتی باڵا لە ئارادا نییە.

* تۆ بە چەمکی ئازادی لە دژی حەقیقەتیت دەوەستیت. کاتێک گوێت لێ دەگرین هەست دەکەین شەیدای پارادۆکسیت و ئەم پارادۆکسەش کە پارێزگاریی لێ دەکەیت و شیی ناکەیتەوە یەکێکە لە بزوێنەرەکانی ئازادی؟

– بێگومان. پارادۆکس وەک هیگڵ دەڵێت بزوێنەری ژیانە چونکە جیهان بەم پارادۆکسە بەڕێوە دەچێت. بەر لە هەرشتێکی تر، هەندێک لایەنی ئەم پارادۆکسە بایەخی بێوێنەی هەیە، بەتایبەتی بیرۆکەی ئەوەی ئەم جیهانە هێشتا دروست نەکرابێت و دەبێ دروست بکرێت، هەروەها بیرۆکەی ئەوەی من بۆم هەیە بگەمە ئەوپەڕی سەرچڵییەکەم و ئەویش مافی خۆمە و رەنگە ئەرکیشم بێت تا ئەوپەڕی سنووری بەرم. ئەوە خاڵی دیاری ئەدەبی راستەقینەیە زیادەڕۆیی. ئەدەب خۆی زیادەڕۆیە، چونکە وەسفکردنی شەپقەکەی "چارلس بۆڤاری" لە رۆمانەکەی فلۆبێردا زۆر زیادەڕۆییە و بنەماکانی وەسفکردنی شیاوی گوزەراندووە. بۆ ئەوەی قسە لە شتێکی نزیک لە خۆمانەوە بکەین، دەتوانم بڵێم کتێبەکەی "خوان خوسێ سایر" کە لە ژێر ناونیشانی "دومەڵەکام" دا بڵاو کرایەوە، بە شێوەیەکی لەبەرچاو زیادەڕۆیی تێدا کراوە. چوار کارەکتەر هەمان بەسەرهاتی تاوانێک دەگێڕنەوە، بەڵام هەر یەکەو لە میانەی شێتێتیی خۆیەوە. رۆمانێکی هێندە زیادەڕۆیە رەت دەکرێتەوە. ئەدەب خۆی بە شێوەیەکی گشتی رەتکراوەیە، هەر ئەمەیشە لە دیدی ژیانەوە لە بیرۆکەی حەقیقەت جێسەرنجترە، چونکە حەقیقەت هەمیشە پارێزگاری لە پێوەرێک لە پێوەرەکان

دەکات. یەکێک لەو شتانەی لە سەرەتاوە لای من پێوەرێکی پیرۆز بوو-شانبەشانی ناپارادۆکس- بیرۆکەی پێوەر بوو، مانەوەبوو لە چوارچێوەی پێوانەکراودا. هەروەک پێمـوایە گەورە نووسەرانی بنیاتنەری "رۆمانی نوێ" لە بازنەی ئەو زیادەڕۆییـیەدا دەیاننووسی، چونکە ئەم زیادەڕۆییە کار بۆ دروستکردنی جیهانێکی جیاواز لەو جیهانە دەکات ئێمەی تێدا دەژین و ئەو دنیایەی تریش جیهانێکی ئەفسانەیی گەورەیە کە دەکەوێتە سیستمی فانتازیاوە "پێم باشە لێرەدا باس لە فانتازیاکانی مارگریت دۆراس" بکەم لەبەر ئەوەی ئەم نووسەرە هەمیشە لە چوارچێوەی درۆ و پارادۆکس و ئەندێشەکراوی زیادەڕۆدا دەژیا. کاتێک کە هێشتا لە بازنەی پێوانەکراوەکانا دەژیا یەکێک لە رۆمانەکانی ناونابوو "بەربەستێک بەرووی زەریای ئارام"دا، رووداوەکانی ئەم رۆمانە باس لە مەرەزەکردن دەکات لە کەناری دەریادا و دایکی "مارگریت"هەوڵی دەدا دەیویست سەرباری شەپۆلەکانی زەریای ئارام مەرەزەکەی بپارێزێت. ئێمە دەزانین مەرەزەی لەوجۆرە لەوێدا نەکراوە، چونکە توێژەران چوونە ئەو شوێنەو بۆیان دەرکەوت هەرگیز لەو کەنارەدا مەرەزە نەکراوە!چونکە زەریای ئارام زۆر لەوێوە دوورە و دەریای "چین" هەبووە تا کەنداوی "سیام"، واتە بەشێک لە دەریای چین، ئەم ناوچەیە بە"ئارام" ناسراوە، لە کاتێکدا زەریای ئارام هەزاران کیلۆمەتر دوورە لەو دیوی فلپینەوە! بەڵام "ئارام" دەستەواژەکە بووە، کشتیاری لە کەناری ئاوێکی سوێر و دەریاش لە هەڵچوونی خۆی ناکەوێت و دەبێ مرۆڤ خەباتی لە دژ بکات بەربەستێک لە بەردەم ئارامدا.. گەرچی کشتیاری چوونە نێو ئاوی نەدەویست، بۆیە هەموو ئەمانە داهێنان بوون. خەباتی ئەو دایکەش لە دژی ئەو زەریا بەرفروانە خۆی لەخۆیدا شتێکی زۆر گەورەبوو.

بەهۆی وەسفەکانەوە گاڵتەی زۆرم بە مارگریت کردووە، وەسفی وەک "جوان، لەبەردڵان" کە ئەو خۆی شەیدای بووە، بۆیە دەبینی لە نووسینەکانی بەردەوام شتی لەو جۆرە هەن کە بە شێوەیەکی زیادەڕەوانە بە دوای یەکدا دێن، ئەمەش وای کردووە بە گشتی نووسینەکانیدا بچنە بازنەی ئەفسانەوە. رەنگە نووسەر لە جیهانێکی تا رادەیەک لاوازدا بژی بەڵام ئەو هەمیشە بە گەورەیی تێیدا ژیاوە. مارگریتیش جیهانەکەی کردووەتە جیهانێکی ئەفسوونی و هەموو شتەکانی ئەو جیهانەی گەیاندووەتە ئاستی ئەفسانە. رەنگە نووسەر وا بکات، وەک دەبینی حەقیقەت دروست ناکات بەڵکو لە حەقیقەت دوورتریش.

* له رۆمانی "رووباز-البصاص" دا دەڵێیت: «هەرگیز قسەم له هیچ شتێکی تر نەکردووه له خۆم نەبێت»، چۆن لەم دەربڕینه بگەین؟

- بەڵێ... تێبینی بکه ئەم خاڵه له نێوان نووسەرانی رۆمانی نوێدا هاوبەشه ، چونکه وەک نووسەرانی ئەبستراکت مامەڵەیان لەتەکدا کراوه که له ئەزموونی خۆیانەوه بەرهەمەکانیان تێر کردووه. له نووسینی کلۆدسیمۆن، ناتالی ساروت، مارگریت دۆراس، رۆبرت بانجه و منیشدا ئەزموونی ژیانمان دەبینیت، بەڵام هەریەک له ئێمه به شێوەیەک گۆڕانی بەسەر ئەو ئەزموونەدا هێناوه که ئەو شێوانه شێوەگەلێکی گشتی نەبووه. ئەو جیهانەی کلۆد سیمۆن خوڵقاندوویەتی جیهانێکه بەردەوام له جووڵەدایه، جۆرێک له شڵەژان و تێکچوونی تێدایه که بەرەو ئەنجامدانی گۆڕانکاری دەچێت، بەرەو تێکشکان و دووباره بنیاتنانەوه له هەمان کاتدا. سەرەتا ئەو ئەزموونه تا رادەیەک دوور له چاوی رەخنەگران بوو. پێم وتراوه له هەوڵی دروستکردنی ئەدەبێکی بابەتیدام، یەکڕا بەو بۆچوونه نارازی بووم و گوتوومه ئەوه ئەدەبێکی تەواو خودییه. چونکه بەر له هەر شتێک تەعبیر بووه له ئەزموونی ژیانم، خۆم لەو ژوورەدا ژیاوم که رووداوەکانی رۆمانی "غیره"ی تێدا دەگوزەرێن، کارەکتەرەکانیش کەسانێکی راستەقینه بوون که خۆم یەکێکم لەوانه «جگه له کارەکتەره نادیارەکه»، هاوەڵانیشم به هەمان شێوەن، بەوجۆره ژیاوین و ئەوەش گرینگیی خۆی هەیه،چونکه دەبێ باس لەوه بکەین جۆرەها ژیان هەیه یان دەبێ وەک خۆی چۆنه وەها مل بۆ جیهان کەچ بکەم و دواجار بڵێم ئەم جیهانه لەلایەن کەسانی تری جگه له خۆمەوه دروست کراوه، خوا بێت یان کۆمەڵگه، یان دەبێ به جۆرێک بژیم ئەوه رەت بکەمەوه که شتەکان بەر له بوونی من پێکەوه دروست کراون هەر وەهاش دەمێننەوه. دەشێ ئەمه خاڵێکی هاوبەش بێت له نێوان هەموو رۆماننووسه نوێکاندا، واته جۆرێک له زیادەڕۆیی و گەورەکردنەوەی "من-الانا" که بەر له هەموو شتێک لەسەر عەقڵی تیۆری دەژی و فرۆیدیش هەر هەمان بۆچوونی هەبووه.

سەرچاوه: گۆڤاری (الثقافة الاجنبية) ژماره(١) ساڵی ٢٠٠٩